کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-9-2007 23:23بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**ئیستیقالە ... سمکۆ ئەنوەر**

ئیستیقالە وشەیەکی عەرەبیە، لەزمانی کوردی دا بەواتای دەست لەکارکێشانەوە یان وازهێنان لەئەنجامدانی کارێك، بەرپرسیارەتییێك، بەکاردەهێندرێت. بێگومان ئەو کەسە پێشتر بەشێوەیەکی فەرمی لەدەزگایەکی حکومی دامەزراوە، یان ئەوەتە بەهەڵبژاردن لەدامەزراوەیەکی حزبی یان ڕێکخراوەیی دەنگی هێناوە، واتە سیفەتێکی یاسایی وەرگرتووە لەشێوەی دامەزراندن، یاخود هەڵبژاردن.

ئەم حالەتە ئەگەر لە ژیانی ڕۆژانەی ڕژیمە دیموکراسیەکاندا، لەئەنجامێ فشارە جۆربەجۆرەکانی جەماوەر لەڕێگای نوێنەرانی خۆیان لەئەندامانی پەرلەمان و ڕێکخراوە دیموکراتیەکان و دامودەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنیەوە شتێکی ئاسایی بێت، ئەوا لەسایەی ڕژێمە شمولی و تۆلیتاریەکان ئیستیقالەو دەست لەکارکێشانەوەو وازهێنان لەبەرپرسیاریێتی زۆر کەم بووە، یان ئەوەتا هەرنەبووە!!، چونکە کاتێك پۆستێك، بەرپرسیارییەتییەك ڕووبەڕووی یەکێك کرایەوە، ئەوا ئەو کەسە ملکەچی هیچ جۆرە لێپێچینەوەو بەدواداچونێك دا نابێتەوە لەلایەن خودی ئەو دەسەڵاتەوە، بەڵکو تاکە سەرچاوەیەك بۆی هەبێت لێپێچانەوەی لەگەڵ دا بکات ئەو حزبەیە کەئەو کەسەی بۆ ئەو شوێنە کاندید کردووە. ئەمەش وایکردووە ئەم لێپرسراوە لەهەموو ئیجرائاتێکی حکومەت بێمنەت بێت و شای بەسەپانی خۆی نەزانێت، چونکە پێشوەخت پێگەو کورسیەکەی خۆی قایم کردووە! فیل نیە جێگایەکەی لەقبکات!، لەمناسەبەو بێموناسەبە لەکاتی پێویستدا ناوی دێت و مەوقیع و مەسئولیەتەکەی پارێزراوە، هەرگیزاو هەرگیز قابیلی ڕەخنەو لێپێچینەوەو بانگکردن نیە، چونکە ئەم ئیجرائاتانەی لەگەڵدا بکرێت، واتە لەمەکانەی ئەو کەس وگروپ و دەستەیە کەمدەکاتەوە کەپشتگیریان لەم کەسەکردووە!!، بۆیە بەدەگمەن دەبینین یاخود دەبیستین لەسایەی ئەم ڕژێمە دیکاتۆریانەدا کەسانێك هەروا بەسوکو سانایی لەپۆستەکەی وازبهێنێت و ئیستسقالە بدات.

بەپێچەوانەشەوە لەسایەی ڕژیمە دیموکراسیەکاندا مەسەلەی وازهێنان لەپۆستەکان لەکاتی تەنگژەو خاوخلیسکی لەجێبەجێکردنی ئەرك وفەرمانەکان و کەوتنە ژێرفشاری جەماوەر شتێکی زۆر ڕۆتین و ئاساییە. دەتوانین بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچونەمان چەندین نموونەی زیندوو بهێنینەوە، لەوانە واز هێنانی چەندین سەرکردەی سیاسی دوای ئەوەی هەڵبژاردن دەدۆڕێنن، واز هێنان لەپۆستی گرینگی وەکو (سەرۆك وەزیران، وەزیر، بەڕێوەبەری دامو دەزگای حەساس، ... تد) دوای ئەوەی سەرکەتوو نابن لە ژێرفشاری جەماوەر و ڕای گشتی ناچاری وازهێنان و دەست لەکارکێشانەوە دەکرێن.

لەم ڕۆژانەدا ئاگرێك لەیەکێك لەنەخۆشخانەکانی دەوڵەتی کوێت دەکەوێتەوەو لەئەنجامی کەمتەرخەمی و خەمساردی تیمی ئاگرکوژاندنەوەی نەخۆشخانەکە و سووتان و گیان لەدەستدانی ئافرەتێك بەهۆی ئەم ئاگر کەوتنەوەیە (مەعسومە ئەلسەباح) وەزیری تەندروستی کوێت دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند، دوای ئەوەی گەیشتە قەناعەت کەهۆکاری ئاگر کەوتنەوەکەو سووتانی ژنێکی نەخۆشی ناو خەستەخانەکە، لەئەنجامی بێباکی تیمی ئاگرکوژاندنەوە بووە، لەئەنجامی لێکۆڵینەوەدا دەرکەوت نەوەکو هەر تیمی ناوبراو ئیهمال بووینە، بەڵکو کەلوپەلەکانی پێویستی ئاگرکوژاندنەوەی ناو خەستەخانەکەش بەشێکی زۆریان ئیستۆك و لەکار کەوتوون، تائەو ئەندازەیە تیمی ئاگرکوژاندنەوە بێباك بووینە کەئاوی پێویست لە خەزان و تانکەرەکان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم حالەتە ناکاوانە نەبووبێت!!!

ئەم بێباکیەی تیمی نەخۆشخانەی ناوبراو سەرباری ئەوەی بووە ئەگەری دەست لەکارکێشانەوەی وەزیری تەندروستی، لەهەمان کاتیشدا بووەتە هۆکارێکی فشاری بەهێزی گروپی بەرهەڵستکاری

ئەنجومەنی ئوممە (پەرلەمان) ی کوێتی بۆ بانگرتنی وەزیری دەست لەکارکێشاوە بۆ بەردەم پەرلەمان بۆ خستنە ڕووی هۆکارەکانی ئاگرکەوتنەوەو سووتانی ژنێك. ئەم هەنگاوەی پەرلەمانی کوێت ئەگەر لەناوەخنەکەیدا ئامانجی ڕەنگدانەوەی ململانێی گروپەکانی ناو پەرلەمانی کوێتیش بێت، ئەوا ڕووە ئاشکراو شەفافەکەی نیشانەی ئەوەیە کەپەرلەمانی ئەم وڵاتە دەتوانێت بەدواداچوون بەدوای کارەکانی حکومەت دا بکات، لەکاتی پێویستدا لێپێچینەوە لەگەڵ لێپرسراوانی دا بکات، بێگومان ئەمەش نیشانەی دڵسۆزی ئەندامانی پەرلەمانە بۆ هاووڵاتیانی خۆی.
جێگای سەرنجە لەکوردستانی خۆمان، بەدرێژایی پانزە ساڵی ڕابردووی تەمەنی هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی کوردستان سەربارى ڕوودانی دەیان حالەتی وەکو:- سووتانی چەندین بازاڕو شوێنی بازرگانی، لەوانە (سووتانی چەند جارەی بازاڕی لەنگەی هەولێر _ سووتانی بازاڕی قەیسەری لەسلێمانی) (مردنی چەندین نەخۆش لەئەنجامی بێباکی دکتۆرە پسپۆرو ئێشکگرەکان، لەم بارەیەوە دەیان نموونە هەیە)، مردنی دەیان هاوڵاتی لەئەنجامی (داڕمان وکەوتنەخوارەوەی بینایەی سەقەت و ڕووخانی پردو ڕوودانی لافاو)، (مردنی دەیان کەس بەهۆی بێباکی سێکیوریتی و هۆکارەکانی گواستنەوە ونەبوونی هێمای هاتوچۆ لەڕێگاوبانەکان _ سووتانی دەیان دارستان... تد. ) کەچی تاکو ئێستا نە وەزیرێك، نە بەڕێوەبەرێکی گشتی، نە بەڕێوەبەرێك، نە ئەفسەرێك، تەنانەت ئێشکگرێك، نەخۆی دەستی لەکارکێشاوەتەوە، نەدەزگا پەیوەندیدارەکان ناچاری نە کردوون دەست لەکارەکانیان بکێشنەوە، تاکو ئێستا پەرلەمانی کوردستان نەیتوانیوە وەزیرێکی کەمتەرخەم ناچاربکات ئیستیقالە لەپۆستەکەیدا بکات، وەزیریك نەیتوانیوە بەڕێوەبەرێکی گشتی بێباك ناچاربکات دەست لەکارەکەی بکێشێتەوە، بەڕێوەبەرێك نەیتوانیوە فەرمانبەرێکی کەمتەرخەم و بێکەلك ناچاری وازهێنان بکاتەوە. ئەم بێتواناییە وایکردووە کەسانی کەمتەرخەم و خەمساردو هیچ لەبارنەبوو لەپێگەی دەسەڵاتی خۆیان دا هەربمێننەوەو کەسیش نەتوانێت پێیان بلێت لەپشتی چاوتان دوو برۆ هەیە!!! با دەیان خەڵکیش ببنە قوربانی و هەزاران هەزار دیناریش زەرەو زیانی لێبکەوێتەوە. لەهەمووشی سەیرتر ئەوەیە ئەگەر هەندێك لەوبەرپرسانە بۆ چاوبەستەگی جارناجارێك داوای ڕوونکردنەوەیەکیان لەمەڕ ڕووداوێك لێبکرێت، دەبینین بۆ خۆدەربازکردن لەهۆکارە سەرەکیەکانی ڕووداوەکە دەیان بروبیانووی بێبناغە دێنێتە پێشەوەو بەهیچ شێوەیەك بەلای هۆکاری سەرەکی دا ناچێت کەئیهمالی و گوی پێنەدانی خودی ئەوبەرپرسە بووە لەڕووداوەکە، یان ئەوەتا دەیخاتە ئەستۆی کارمەندێکی خوارەوەی قوربەسەر کەدوورو نزیك پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەڕووداوەکەوە نیە.
بەدرێژایی مێژوویی دەسەڵاتی خۆماڵی کوردی لە دوای ڕاپەڕین تاکو ئەمڕۆ ئەوەی من گوێم لێبووبێت تەنیا:
_ (شێرکۆ بێکەسی) شاعیر لەپۆستی وەزیری ڕۆشنبیری لەسەرەتای نەوەدەکاندا دەستی لەکارکێشایەوە و ئیستیقالەی دا، دوای ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی نەگەڕایەوە پۆستەکەی.
_ (ئیحسان گول) ی قایمقامی قەزای ناوەندی کەرکوك، دوای ئەوەی بەشێك لە هۆکارەکانی ڕووداوی تەقینەوەکەی تەموزی 2007 / ی شاری کەرکوکی بۆ کەمتەرخەمی وبێباکی بەرپرسانی ئەو شارە گێرابووەوە، ئیستیقالەی دا، بەڵام ئەویش تەمەنی وازهێنانەکەی ئەوەندە درێژنەبوو، چونکە دوای چەند ڕۆژێك گەڕایەوە سەرکارەکەی خۆی!!!. لەوانە بترازێت ئەگەر لێرەو لەوێش گوێبیستی ئەوە بووبین کەفلانە کەس لەفلان پۆستی دەستی لەکارکێشاوەتەوە، ئەوا تەنیا بۆ فشاردروستکردن بووە بۆ ئەوەی لێپێچینەوەی لەگەڵ دا نەکرێت، یان بۆ ئەوە بووە پۆستێکی بەرز تر مسۆگەر بکات، ئەگینا بە سووکە تەکلیفێك بەمەمنوونی گەڕاوەتەوە سەرکارەکەی، واتە تاکو ئێستا ئیستیقالەو وازهێنان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-9-2007 23:23 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ودەستلەکارکێشانەوە لەوڵاتی ئێمەدا نەبووەتە کەلتوورێك کەدەسەڵات لەکاتی پێویستدا پیادەی بکات، یان ئەوەتا بەرپرسە کەمتەرخەمو بێباکەکە وەکو پەرچە کردارێك لەکاتی فەشەل هێنان وراستکردنەوەی هەڵوێستی خۆی پێی هەڵبستێت.

بۆیە هەقوایە پەندو عیبرەتی ئیستیقالەدان و پاشان ئیجبارکردنی خانم (مەعسومە ئەلسەباح) وەزیری تەندروستی، کەخۆی یەکێکە لە ئەندامانی بنەماڵەی دەسەڵاتداری کوێت، بۆ ئامادەبوون لەبەردەم پەرلەمانی ئەو لاتەو ڕوونکردنەوەی هۆکارو خاڵە لاوازەکانی ڕووداوی ئاگر کەوتنەوەکە، پێویستە بۆ ئێمەی خەڵکی کوردستان دەرسێکی بەسوود بێت، تاکو لێرەبەداوە ئێمەش هەڵبدەین لەکاتێکدا بێباکی لەجێبەجێکردنی ئەرك وفەرمانەکان بەشێوەی ئەنقەست لەهەربەرپرسێکی ئیداری ڕوودات، بەگوێرەی ڕادەی بێباکیکردنەکە لێپێچینەوەی لەگەڵ دا بکرێت، جا لەهەرپلەوپایەکی وەزیفی دابێت، بەئەندازەی ڕێژەی ئیهمالییەکە فشاری بخریتە سەر، تەنانەت ئەگەر بگاتە ئاستی ئیستیقالە دانیش دوودڵی لێنەکرێت، چونکە ئەگەر دەسەڵات لەدوو ڕیانی ڕووداوی لەو شێوەیە بۆ جارێك و دووجارو سێجار توانی پشتیوانی لەڕای گشتی جەماوەر بکات، ئەوا بێگومان ئەوکاتە ئیستیقالەدانیش دەبێتە کەلتوور، ئەوکاتەش بەرپرسان ئەگەر بۆ پارێزگاری زیاتریش لەکورسی دەسەڵات بێت، ئەوا دڵسۆزانەتر و چاوکراوەتر ئەرك وفەرمانەکانیان ڕادەپەڕێنن. !!

سمکۆ ئەنوەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.